# خەڵكی هەڵەبجە پێویستیان بەپشتیوانی هەیە

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com

خەڵكی هەڵەبجە جامی ناڕەزایەتیەكانیان پڕ بووە , خەڵكی هەڵەبجە داوای مافەسەرەتایەكانیان ناكەن , بەڵكو لە بێمافیدا داوای لە مافەسەرەتایەكان خوارتریش دەكەن , بە پێی ئەو زانیارانەی لە ڕێگەی هەفتەنامەی هاوڵاتی و سایتی پەیامنێر و راگەیاندێكی " چاك " وە , وەلە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی كە بە هەڵەبجەوە كردوومە هەواڵەكان ئەوە ڕادەگەیەنن كە خەڵكی هەڵەبجە بە تایبەتی لاوان و خوێندكاران خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەكەن كە لە ڕۆژی 16 ـ 3 ـ 2006 كە یادی ڕۆژی كیمیابارانی هەڵەبجەیە , ڕێپێوان ئەنجام بدەن و ڕێگا نەدەن بەرپرسان سەردانی هەڵەبجە بكەن .

ئەم بڕیارە لەلایەن خەڵكی هەڵەبجەو بە تاییەت لاوان و خوێندكارانەوە هەر لەخۆوە نەهاتووە , بەڵكو بەرئەنجامی پچڕانی پەتی تەحەمول و چاوەڕوانی و بێدەربەستی دەسەڵاتدارانە لە ژیان و گوزەرانیان و مانەوەی بریندار و خانووە ڕووخاوەكانیانە وەكو خۆی , زیاتر لە 18 ساڵە خەڵكی هەڵەبجە ڕۆژ ئەدەنە دەم ڕۆژ و ژیانێكی كولەمەرگی بە تەمەنەوە گرێئەدەنەوە , 18ساڵە چەندین ئاڵوگۆڕ ڕوویدا , لە هەڵەبجە چەندین دەسەڵات هاتوو ڕۆی , چەندین كەس بەسەر قوربانیەكانی هەڵەبجەوە بوونە دەسەڵاتدار و سەرمایەیان كۆكردەوە , بەڵام ئەوەی لە جێگای خۆی ماوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە ژیانی خەڵكی هەڵەبجەیە .

هەڵەبجە جێگایەكی ئەسەری و كۆن نیە تا هەموو ساڵێك بەرپرسان و دەسەڵاتداران بچن بۆ سەردانی و بەسەری بكەنەوە , هەڵەبجە شانۆیەك نیە هەموو ساڵێك چەند بەرپرسێك بێن و نمایشی سیاسی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن , هەڵەبجە پەیكەرێك نیە هەموو ساڵێك چاوەڕوانی بازرگانێك بكات كە بێتو پەردەكەی هەڵداتەوە .

هەڵەبجە شارێكە ژمارەیەك ئینسانی تێدا دەژین كە بە چەكی قەدەغە كراو كۆكوژ كرانە قوربانی قازانج پەرستی و شەڕی ملهوڕانەو پاوان كردنی ناوچەكە , هەڵەبجە شارێكە هەتا ئێستاش خەڵكەكەی بە شێوەی جۆراو جۆر كیمیاباران دەكرێن و برینەكانیان وەك خۆی ماوە .

خەڵكی هەڵەبجە هەموو ڕۆژێك لە كۆڵن پاوڵەوە بۆ بریمەر و نوێنەرانی سەدر دەهێننە سەر سنگیان و كۆیان دەكەنەوەو بەڵێنی ڕەنگاو ڕەنگیان پێدەدەن و دواتر لە بیر ئەچنەوە .

خەڵكی هەڵەبجە ئەمساڵ دەیانەوێت بە دەسەڵاتداران بڵێن ئیتر بەوادەو بەڵێنەكانتان خۆمان ناخەڵەتێنین و ئێمە ژیانمان دەوێت , ئێمە ئاو , كارەبا شەقامی پاك , سارێژی برینداڕەكان , ئێمە نامانەوێت خەڵك لە خانوویەكدا بژین كەبە تەنەكە دروست كرابێت .

داواكانی خەڵكی هەڵەبجەو ناڕەزایەتیەكانیان بەرهەقن وخواست و داواكاری هەر ئینسانێكە كە دڵی بۆ عەدالەت و ئینساندۆستی لێدەدات , خەڵكی هەڵەبجە بێمافیەكانیان هێناونیەتەگۆو ئیتر ناتوانن لەوە زیاتر چاوەڕێن ڕۆژانە مۆمی تەمەنیان بسووتێت و ژیانیان وەك خۆی وابێت .

من بەم نامەیە بانگەوازی سەرجەم

ئازادیخوازان , ئینساندۆستان , نوسەران و ڕۆشنبیران لە كوردوستان و دەرەوە هەركەسێك خەمی خەڵكی هەڵەبجە بە خەمی ئینسانی خۆی دەزانن دەكەم پشتیوانی لە داواكاریەكان و ناڕەزایەتیەكانی خەڵكی هەڵەبجە بكەین و نەیەڵین ئەم دەنگە كە بۆ داواكردنی ژیانە كپ بكرێتەوە, با مەراسیمەكانی یادی هەڵەبجە بكەینە ڕۆژی پشتیوانی كردن لە خەڵكی هەڵەبجە , با شیعر و گۆرانیەكان , ووتار و پەخشانەكان , بەرنامە و چاوپێكەوتنەكان , بكەینە شێوازێك بۆ پشتیوانی كردن لە خواست و مافەئینسانیەكانی خەڵكی هەڵەبجە. بژی ژیان بژی خەڵكی هەڵەبجە بژی سەنگەری پشتیوانی لە خەڵكی هەڵەبجەو مافە ئینسانیەكانیان